# ئەنفالی چوارو  کیمیا بارانی گۆپتە پە!

*عەلی مەحمود محەمەد 23-4-2005*

ڕۆژی 3-5ی ئەمساڵ 17ساڵ تێدەپەڕێت بەسەر ڕۆژێکی ڕەشی دیکە لە مێژووی گەلی کورد, ئەویش یاداوەری کیمیاباران کردنی شارەدێی گۆپتە پەیە , ئەم کیمییا باران کردنەش دەسپێکی ئۆپەراسیۆنی ئەنفالی چوارە , ئەو ئەنفالەی سنورەکەی لەبناری دوکانەوە دەستی پێکرد تا بن کەرکووك و هەولێر .

ڕۆژ 3-5ی ساڵی1988 ە , ئەوساڵەی لە مێژوی کورددا سەرتاپای بە بەدناوی دەمێنێتەوە , ساڵی سەرەخۆرەی گەلێك غەزەبی تاوانباران , ئەو ڕۆژەی خەڵکی گۆپتە پە سەرباری هاتنی هەواڵەکانی هێرش بۆ سەر ناوچەکەیان , جگە لە ژیان بیرییان لە هیچی دیکە ناکردەوە , ئەوان لە زوەکەوە قاڵبووی پە نجە نەرمکردن بوون لەگەڵ کارەساتەکان . سەرباری هەواڵە ناخۆشەکان بهارەکەی تەڕ و پڕ و خۆش بوو . دەغڵ و دانی ناوچەکە تا چاو بڕ بکات سەوز دەچووەوە , گولیلکە نیسان لە ناو ئەو دەرییای سەوزاییەدا کەروێشکەی دەکرد , دەغڵ و دانی ئەو دەشتاییە سەمایان بۆ ژیان دەکرد . ڕۆژێکی ساماڵ نوزەی بایەکی هێواشی , نەرمە جۆلانێی بە دەغڵ و دانی ئەو دەڤەرە دەکرد.لە دورەوە کەروێشکەی دەغڵ و دانەکە شادی دەزاندە دڵەوە.خۆرەتاو تیشکی زێڕینی بەسەر هەڵەت و تەختاییەکانی قەلاسێوکەو شێخ بزێنیدا بە یەکسانی دەبەخشییەوە .تریسکەی تیشك دانەوەی تەنەکەی سەر شان کچان لەگەڵ بریقەو باقی جلە ڕەنگاوڕەنگەکانییان لە دورەوە دەبینرا , جوانییان لە گولیلکە نیسانی بنار تە پۆلکەکان دەسەندەوە.

خەڵکەکە لە دڵە ڕاوکێیەکی داچەڵەکێنەردا دەژییان , نیگەران بوون لە چارەنوسی خۆیان , پەیتا پەیتا لە شارەکانەوە  لە کەسو کاریانەوە هەواڵیان پێ دەگەیی بۆ ئەوەی  خۆیان ڕزگار بکەن, هێرش دەکرێت بۆ سەر ناوچەکە  , بەلاّم ڕێگاکانی دەرچوون هەموو گیرابوون , دەروازەی ڕزگاربوون بۆ خەڵکەکە نەمابوو , کۆمەڵێك بەرپرس کە زۆرییان خەڵکی ناوچەکە نەبوون , یاخود خاوەن هیچ نەبوون لە ماڵ و کەس تاکو لە هێرش بۆ سەر ناوچەکە لە دەستی بدەن , ڕێگەیان لە خۆ ڕزگار کردنی خەڵکەکە دەگرت , دەروازەی دەرچونیانی نەهێشتەوە , لە کاتی هێرشیشدا نەیان توانی یەك چرکە داکۆکی لەو شوێنانە بکەن کە پرسگەی ڕێگە گرتن لە دەرچونییان لێ دانابوو , نیچیری باشیان خستە بەردەست تاوانباران . سەیرکەن بنواڕن بزانن چۆن بەڕێز مەلاشاخی ئازایانە باسی ئەم ڕاستییەمان بۆ دەکات (سەرلەبەیانی ڕۆژی 3-5-1988 لەسەر داوای (مامۆستا باپیر)لە بینایەی قوتابخانەکەی گوندی (پەڵکانە) لە ماڵی (وەستا سابیر)کۆبونەوەیەکمان ئەنجامدا,بە مەبەستی شیکردنەوەی بارودۆخ و مەسەلەی خۆسازدان و بەرنامە داڕشتن بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێکی چاوەڕوانکراو بۆ سەر سنوورەکان.

لەو کۆبونەوەیە دا...ڕەخنەی ئەوە لە بەندە گیرا....چۆن سەربەخۆ مۆڵەتی هەندێ خێزانم داوە کۆچ بکەن بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەلاّتی ڕژێم!؟)*.

لەو لاوە لایەنێکی کە بە پێچەوانەوە , بانگەوازی  خۆ قوتار کردن و بێ ئومێدی بەرگریی و کۆتایی خەباتی چەکدارییان دەدا بە گوێی خەڵکەکەیا .

لە هەموو ساڵە نەهامەتییەکانی کورد لە سەر زەوی , بە پێچەوانەوە ئاسمان بەزەیی بارانی خۆی بەسەر خاکدا دەبارێنێت . ئەو ساڵەش بەهەمان شێوەی ساڵە سەرەخۆرەکانی کە , خاك تێرەو قوڵپی ڕشانەوەی باران دەدات.بەڵام بەو خەڵکە چی , ئەوان چارەنوسی خۆیان لە ئاوێنەی چارەنووسی خەڵکی ناوچەکانی گەرمیان و قەرەداغ دەبینییەوە , ئەو سەروەت و سامانەی بە ڕەنجی چەند نەوە کۆیان کردبووەوە باری گران بوو بۆیان , نایانە زانی چی لێبکەن  .ئومێد بە ژیان لەو ناوچەیە نەمابوو.

چومە ماڵێك پیرێژن بەرانەکەی سەربڕی بوو , ووتمان نەنە بۆ ؟؟ , لە وەڵامدا ووتی ڕسقی منی تیا نەماوە , دەزانی کەسەریی دەبرم وەك ئەوە وا چەقۆ لە ملی خۆم بنێم ؟؟؟ , بەڵام ئێوە نەیخۆن جاشە خوێڕییەکان تالانی دەکەن , گۆشت قابیل بە هەڵۆیە  .

مام ئەحمەدیش بە دیار گەنمەکەیەوە وا بە کوڵ دەگریێت , فرمێسکی خۆی دەخواتەوەو نەرمە گرییانەکە دەکات بە هەنسك, هەنسکەکەشی بە قورگ قوتە دا و دەیکرد بە ۆرە  . لە گەڵ هەنسکدا بە نەرمی گەمەی بە سەمای ئەو گەنمە دەکرد لە بەردەستی کەرویشکە سەمای دەکرد ,دەتووت گیسکێکی ماڵییە , لەبەر خۆشەویستی خاوەنەکەی هاروهاجییەکەی قووت داوە  , گەنمەکە بە پێچەوانەی خاوەندەکەی ڕۆژ بە ڕۆژ باڵای دەکردو  دەچوو بە ئاسمانا و قەڵەو دەبوو . ڕووی کردە ئاسمان و هەناسەیەکی قوڵی بۆ هەڵکێشاو بە نەرمییەکی پڕ لە ئازارەوە  ووتی (دەبێت کێ بتخوات؟؟؟).

لەو ڕۆژگارەکەدا لەم جیهانە پان و بەرینە بێ کەس دۆست بوین ,کوردستان بە پانتایی خۆی ببو بە قەسابخانەیەکی گەورە  . ئەو ڕۆژانە بوو ڕامسفێڵدی هەڵۆی شەڕی عێراق لەگەڵ سەردانەکانیدا بۆ بەغدا پەیامی پشتگیری و بەخشینی ئەو کیمیایەی بە سەدام دەدا کە خەڵکی هەڵەبجەو شێخ وەسانان و دەیان جێگەی کە بونە قۆچی قوربانی مەرگەساتەکانی  . ئەو ڕۆژانە بە چەکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کۆمەڵ کوژی دەکراین .دژەکان لە قەسابی ئێمەدا هاوپەیمان و تەبابون.

سەرکردایەتی کورد بێ ئەوەی لە ئەلف و بێی سیاسەتی بەرژەوەندییەکان بزانێت  , نزیك ترین دۆستی ئاخوندەکانی تاران  بوو لەو ڕۆژەدا , بە پیچەوانەی ئاو مەلەی خۆی دەکرد  , سستەمێك ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای یەکخستبوو بۆ لێدانی خۆی  . بەڵام ئەمان دەیانەویست بە بان شانی ئاخوندەکانەوە وولات ڕزگاربکەن .نایان زانی نەك هەر سەری خۆیان , بەڵکە گەلیش بە ئاگری ئەو دۆستایەتی یە دەسوتێنن.

ڕۆژەکانی پێش ئەنفالی گۆپتەپەیە(چوار) ەو پاشماوەی خەڵك و پێشمەرگەکان ناوچەی قەرەداغ و گەرمیان , ئەوانەی ڕزگارییان بووە , وا لە ناوچەکانی شوان و شێخ بزێنی و قەڵاسێوکە دەخولێنەوە , لە ناوەڕاستی مانگی چوارەوە ووردە ووردە پەڕینەوە بۆ دەڤەرەکە  .ئەوەی خۆی دەرچووە و سەری ساغە, کەس و کاری بزرە. ئەوەی بیری لێناکرایەوە لەو ڕۆژانە , ئەو کەسانەی خۆمان کە گرترابوون ئیتر نەبینینەوە, کێ بیری لەوە دەکردەوە ئەو هەموو مناڵە شیرە خۆرەیە لە پێش گەورەکانەوە لە ناو حەوزی تێزابدا بتاوێنرێنەوە , پیرەکان سەگ بییان خوات و پاکیزەکانیش لە بازاڕەکانی کۆیلەدارییدا بفرۆشرێن .کەس لە ئێمە نە ئەمان زانی  بارستایی ئەو تاوانە کە ناوی ئەنفالی لێنرابوو  ئەوها گەورە بێت .

ئەو پاش نیوەڕۆیە لەگەڵ هاوڕێیەکمدا  کە ناوی ماجیدی کەریم خەیات (حەساری) بوو , سەربازی هەڵاتوو لە ماڵی خوشکەکەی ژییانی بەسەرە برد , پێکەوە پیاسەمان دەکرد.ڕۆژە خۆشەکانی مناڵی حەسیرەکەو ئیمام قاسممان بۆ یەکتر دەگێڕایەوە , عەسرانێکی خۆش , ئاسمان پەڵە بە دەم و چاوییەوە نەبوو , خەڵکەکە چاوەڕوانی بانگی

ئێوارەیان دەکرد , تا لەو ڕەمەزانە ڕۆژووەکە فریایان کەوێت و لە دەردو مەرگەسات ڕزگارییان کات , لە ڕۆژی سەختییدا ئاساییە تقوساتی ئاینی زیاتر زاڵ دەبێت بەسەر مرۆڤەکاندا .لە ناکاو چەند کۆپتەرێك هاتنە سەر ئاسمانی ناوچەکە , خولێکییان دا بەسەر گۆپتەپەداو گەڕانەوە . پاش کەمێك 6 فرۆکە هاتنە سەر ئاسمانی گۆپتەپە , دوکەڵی ڤینی ڕەنگ خواردویان باراند بە سەریدا, دوکەڵێك لێڵ , پاشان وورده وورده بەرەو ئاسمان سواری شینایی ئاسمانە سامالەکە بوو , نە بریقەو باقی تەنەکەی ئاوو کە بریسکەی دەدایەوە هێشت ,نە تیشکی زێڕینی خۆرەتاوی پاش ئێوارانی بەهار ما.گەردەلولی کیمیا بارانەکە لە بەر چاومە , لە دورەوە دوکەڵە چڕەکەی بانگەوازی مەرگی دەدا.ئەوەندە چڕ بوو , ئاوس ببوو سکی نابووە زەوی , بە گرانیی سەرەکەوت و دەچوو بە ئاسماندا. بە هەر چوارلادا پەلی دەهاویشت و بە دوای مەرگدا دەگەڕا تا بەسەر خەڵکەکەدا دابەشی بکات , سەری دەکرد بە هەموو کون و کەلەبەرێکدا , زیندەوەری نەجات نادا . بە یەکسانی دوکەڵی مەرگەکەی دابەش دەکرد نایەویست کەس بێ بەری کات لە مەرگەساتەکەی , شێخ و مسکێن , هەژار و دەوڵەمەندی پێکەوە دەکوشت . بە ناو کۆڵانەکاندا غلۆر بووەوە بۆ دەم زێیەکە , تەنەکەی ئاوو کچۆڵەی لاوی تازە هەڵچوو , منالی مەمکی دایك لە دەمی پێکەوە دا بە زەویدا. پشیلەو سەگ و کەر و کۆتر و مەڕو بزن...... هتد , هیچی بێ بەری نەکرد لە کارەساتەکان خۆی .

ئەو خەڵکەی ئەو بەیانیە نمەکیانم کردبوو , ئێستا وا لە دورەوە شایی مەرگیان بە کۆمەڵ بە چاوەکانی خۆم دەبینم .گریان دادی نەدام .کتێبەکان کۆڵم هیچییان پێ نەبوو بۆ ئەو مەرگەساتە .ڕستەی شۆڕشگێڕانەکان لەناو پەرتوکەکان لە ترس کیمیا بارانەکە جوڵەیان ناکرد.مرۆڤایەتی و نێونەتەوەیی بە فلسێك.

شەو زۆر لەم ئێزگەوە بۆ ئەوی کە , لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا , هیچ ڕادوێیەك باسی ئەم هەواڵەیان نەکرد , دەتوت جیهان شامی شەریفە و لە ئەستێرەیەکی کە ئەم مەرگەساتە ڕوی داوە . هەموو باسیان لە پێکی بەرپرسانی چەپ و ڕاست و شەڕە بەرد و ڕیشی ئوسامەیان دەکرد.

هێواش هێواش دوکەڵەکە بەرز بووەوە بۆ ئاسمان .ئەوجا کەوتە کوشتنی تیشکی خۆرەتاو ,شینایی ئاسمان,جریوەی تەیر , هەموویان پێکەوە مردن .کاتێك تیشکی خۆرەتاوەکە خۆی دەدا بەبان پشت دوکەڵەکەیا دەگەشایەوە , ئاوس بوو بەو هەموو ڕوحەی هەڵییانی کێشابوو ,دیار بوو تنۆك تنۆك لە جیاتی ئاو خوێنی لێ دەتکایەوە .ئەم تاوانە لە گوندێکی بچوکی وەك گۆپتەپە زیاتر لە 300 هاوڵاتی شەهیدو بریندار کرد کە ڕۆژی دواتر بریندارەکانیش حەزبیای ئەنفال بەرەو مەرگیانی هەڵکێشا.نەیان توانی خۆیان ڕزگار بکەن , ئاخر چۆن بتوانن زیندووەکان هەموو گرتران نەك بریندارەکان .

بۆ سبەی ڕۆژ زوو لە خەو هەڵستاین , هێشتا تاریکایی باڵی بەسەر گوندی جەلەمۆردا کێشابووو , خۆمان بۆ چارەنوسێکی نادیار ئامادە کرد . چومە دیار ماجیدی هاوڕێم کە شەو پێکەوە خەوتبووین , ناوچەوانیم نەرمە ماچێك کردو بۆ دواجار جێم هێشت.وام دەزانی چارەنوسی من لە مەترسیدایە, کەچی ئەوی بێ تاوان بووە قۆچی قوربانی.لە دێ بە دوای یەکدا دەرچووین ,بە دوای ئێمەشدا خەڵکەکەش مقۆ مقۆیان پێکەوت , لە بەر چاومە پیرێژنێکی 80 ساڵە , دامانی لەبەر پێی دەخشا , مەنجەڵە کولێك بە دەستێکییەوە و کترییەك بە دەستەکەی کەیەوە , دەیەویست لە تالانی جاشەکان ڕزگارییان بکات, دەیانی کە , منالێ بە دەم کروزەی گریانەوە بە دەست دایکییەوە , بەتوندی ڕادەکێشران, ژنانی کوڵ لە پشت و چارۆگە لە ملی پڕ لە خواردن , منالانی نیمچەش بە نەرمە غار بە دوای دایك و باوکییانەوە , پیاوەکانیش هەریەکەیان شتێك لە بن هەنگڵییان و دەمووچاوییان غەزەبی لێ دەباری . دوایی جاشەکان هەمویانییان لەو کون و کەلەبەرانەی قەڵاسێوکا , لەناو کونە شاخ و ئەشکەوت و دۆڵەکانا دۆزییەوەو گرتییانییان و ئەنفالیانیان کردن , لەپاڵ نزیك 10000 مرۆڤی کە بە کۆمەڵ

**بوونە خۆراکی ئەوئۆپەراسیۆنەی ناوی ئەنفالی چواری لێنرا . هەموو ئەوانەی ڕێگای دەرچوون و خۆڕزگاربوونییان لە خەڵکەکە گرت هەموو وەك هەڵم چوون بە ئاسماناو کەس نەیانی بینییەوە .**

**دوو ڕۆژی پاشتر لە سەر خاسەو چەمی گوندی ئاوباریك , کۆمەڵێك (نزیك 70 چەکدار)ی خەڵکی گوڵمکەوەو شوێنەکان کە ,پاش پەیوەندیکردنییان بە ئیستخباراتی چەمچەماڵەوە بە سەرپەرشتی( مە– عە) ویستییان تەسلییمان کەنەوە , بمان کەنە بەردە بازی لێخۆشبوونییان لە لای ڕژێم , بەڵام بە هوشییارییەوە نەخشەکەیانمان پوچەڵ کردەوەو خۆمان ڕزگار کرد , پاش ڕاکردنێکی نۆ کاتژمێری , بە بارێکی پەرتووك و خۆراك و فیشەك و کەل و پەلی خەوتنەوە , بەڵام کە نەیانتوانی ئێمە بە دییاری ببەنەوە , کە ڕۆیشتنیشەوە حکومەت لێیان خۆش نەبوو , لەگەڵ ئەنفالەکاندا هەموویان شوێن بزر کران , یادییان بە خێر .**

**سەدام کە ئێستا ڕوخاوە , نەك هەرناتوانین پاداشتی ئەو ڕۆژانە بدەینەوە کە ئێمەو جوتییاران ماسی و ئاو بوین , بەڵکە جەلادەکانییان , ئەوانەی دەتووت دەرزییان بزر کردووە ئاوا بەدوایانا دەگەڕان , لە کونە شاخ و ئەشکەوتەکان دەرییان دەهێنا و بە دیاری تەسلیم بە سەرانی خۆیانییان دەکردەوە , ئُستا نەك موعەزەز و موکەڕەم ئازادانە لە کوردستان دەسوڕێنەوە , بەڵکە بونە باخاوەندی دەسکەوتەکانی ڕاپەڕین .لە پێش چاومە ئەو کاروانەی هێرشی هێنا بۆ سەر گوندی گۆپتەپە , جاشەکان پێشبڕکێی یەکترییان دەکرد تا زوو بگەنە گوندەکە و فریای تالان بکەون , ئەو لەشکرە بە فەرماندەیی نزار خەزرەجی بوو.ئەوەی ڕۆژی پێشتر کیمیایی نەی کوشتبوو , ئەو ڕۆژە (4–5–1988)ئەنفال کران, ئەوەی بە بریندادی ئەتلایەوە , ڕەوانەی مەرگ کرا .سەدان ئۆتۆمۆبیلی بەرازیلی جاش بە تیژی لە پێشەوەی قافڵەکە بوون ,ئیڤای سەربازییەکانیش لە سەر خۆ بە دوای جاشەکانا ڕێیان دەکرد ,سەرێکی قافڵەکە لە گۆپتەپە بوو , دواوەی لە نزیك کۆتەڵ.ئەمە تاکە قۆڵی هێرش نەبوو ئەو ڕۆژە , بەڵکە لە 21 قۆڵی کەوە هێرش بۆ سەر ناوچەکە کرا , سوپاو جاش لە هەر چوارلاوە وەك حەزییا دەمییان بۆ ناوچەکە کردبووەوە , دەیانەویست بە خاك و مرۆڤەوە هەموویی قوت دەن .ڕێگەی دەرچونیان بۆ تەیر نەهێشتبووەوە.لە ساڵەیی و ناوشوانەوە بۆ شێخ بزێنی خواروو سەرو تا دەشتی کۆیەو هەولێرو بناری دوکان .لەو ناوچەیە(خاڵ خالان) لانی کەم کۆی *4167 کەس جگە لە هەڵاتوانی شەڕ لە خەڵکی شارەکان و ئەو پیرانەی بەردران ئەنفال کران(جگە لە ناوچەی کۆیەو دەشتی هەولێر).تەواوی ئەو کردارە سەربازییە لە ژێر فەرماندەیی نزار خەزرەجی بەڕێوە برا, ئەوەندە دڵسۆزانە کارەکانی ئەنجام دەدا لە گوندی گۆپتەپە بە شایەدی کاك مودیر عەلی بە پۆستاڵەکانی سەری منالێکی 1 ساڵەی پان کردەوە .**

**دوای چەند مانگ لە ئۆپەراسیۆنی ئەنفالی چوار لەو ناوچەیە ماینەوە , متمانە نەمابوو , تەنها سەری مرۆڤەکان نرخی مابوو , لە ترسی خەڵکی ڕوخاو ناتە زانی لە کوێ خۆت بشاریتەوە .**

***ئەنفالی خاڵخالان مەلا شاخی چاپی یەکەم 2001**